سەرۆک کۆمار جێختیکردنەوە لەسەر گرنگی پشکی دادپەروەرانەی ئاوی عێراق

سەرۆک کۆمار عبدوللەتیف جەمال ڕەشید ڕۆژی سێشەممە جێختیکردنەوە لەسەر گرنگی پشکی دادپەروەرانەی ئاوی عێراق.

بەیاننامەی فەرمانگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ڕایگەیاند، ''سەرۆک کۆمار لە کۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە شاندی تەکنیکی ڕەکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری لقی خاک و ئاو (لیفینج لی) و شاندی یاوەری".

ئاماژە بەوکرا، کە لە دیدارەکەدا باس لە هاوکارییەکانی نێوان عێراق و ڕەکخراوەکە کرا.

ڕوون کراوە کە باس لە بابەتەکانی وشکە ساڵی و بیابانبوون و ڕێشبا و گەردڵووڵ کراو، هەروەها باسی پڕۆپۆزەدانی سیستەمی ئاودێری و چاکسازی کشتوکاڵی کرا.

لەلایەن خۆیەوە، شاندی میوان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ دیداری سەرۆک کۆمار و دەستخۆشیان لێکرد بۆ ئەو پێشنیاز و گرنگیپێدانەی بۆ بابەتی ئاو و کشتوکاڵ.